# سیاسەتی حکوومەتی ئێران لە ئاست چالاکانی مەدەنیی کورد دا

**خەلیل غەزەڵی**



پاش سەرهەڵدانەکانی هاوینی ڕابردوو ، ژمارەیەک زۆر کوڕ و کچی لاوی ئێمە لە شارەکان گیران. شانبەشانی ئەم شاڵاوە ،حکوومەت بە بەرنامەوە کەوتە گرتنی چالاکانی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و هەڵسووراوانی ناوەندە مەدەنییەکان .

ئەگەرچی ئەم گرتنانە بۆ حکوومەت بێ تاوان نەبوو. ،بەڵام دەسەڵاتداران گوێ خۆیان ئاخنی و لە ئاست ئەم تێکۆشەرانە هەمان سیاسەتی تاران یان ڕەچاو کرد . کە ئەویش وەئەستۆ خستنی ژمارەیەک پەروەندەی جۆر بەجۆر و هەرکام بە تاوانگەلێکی قورسەوە بوو . بەو مەبەستە کە ئەم چالاکانە هەمیشە دەست و پێیان لە تۆخڵە گوێزی ڕێگەی دادگا و زیندان دا بی و لەترسی کەوتنە رووی پەروەندەکانیان ، نەوێرن هیچ چالاکییەکی ( تەنانت مەدەنی ) ئەنجام بدەن .

گەرچی حکوومەت ئەم کارەی پێشتر تا ڕادەیەک لەسەر چەند کەس لە ئەو چالاکانە ئەنجام دابوو . واتا بۆ هەرکامیان چەند پەروەندەی پێک هێنابوو ، بەڵام ئاخێزەکانی هاوینی ڕابردوو لە شارەکانی کوردستان، ترسێکی زۆری لە دڵ خست . ئەوەبوو کە بە مەبەستی چاوەترسێن کردنی کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەت لاوان، وێڕای ڕەشبگیری و زیندانی کردنی ژمارەیەکی زۆر کچ و کوڕ ، بەپەلە کەوتە گرتنی ئەو کەسانە کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا .

وەک باس کرا حکوومەت هەمان سیاسەتی گرتە پێش کە لە ئاست چالاکانی بزووتنەوەی مەدەنی و بەتایبەت خوێندکاران، لە تاران ڕەچاوی کردبوو . سیاسەتی حکوومەت پاش ڕووداوەکانی 18 ی پووشپەڕی 78 ی هەتاوی گرتنی بەشێکی زۆر لە چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی و ساز کردنی چەند پەروەندەی جۆربەجۆر بۆ ئەوانی دیکە بوو. بەواتایەکی دیکە ، خستنە ژێر زەختی ئەم چالاکانە بە بێ ئاوڕ دانەوە لە ئیعتراز و ڕەخنەی ناوخۆ و کۆڕ و کۆمەڵەکانی جیهانی.

لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا حکوومەت چەندین کەس لە هەڵسووراوانی بزووتنەوەی خوێندکاریی و هەروەها چەند کەسی دیکەی وەک ڕۆژنامەوان و چالاکی مەدەنی و وێبلاگ نووس گرت و بە برینەوەی حکومی درێژماوە ڕەوانەی زیندانی کردن . بۆ هەرکام لەرێبەرانی "دەفتەری تەحکیم (ڕێکخراوی خوێندکاریی ئێران) و ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی دیکە کەوتە "پەروەندە سازیی" و بۆ ئەم کارەش وەک هەمیشە چەند ناوەند و کەسی وەک "شاکی" ئامادە کرد . کە پەیتا پەیتا شکاتیان لە هەڵسوڕاوانی مەدەنی و خوێندکاری دەکرد . و دەزگای "داد"یش بە کەیفی خۆی دەیگرتن و دادگایی دەکردن. ئەوەبوو کە هێندێکی لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار دا ناچار بە "وتووێژی تەلەفزیونی" کرد و ناچاریکردن کە دان بە تاوانی ناکەردەدا بنێن . و هێندێکی دیکەشی بە باوەشێک پەروەندەی ئامادەوە لە پشتی دەرکەی دادگاکانتا ڕاگرت . گەرچی زۆربەی ئەوانەی کە بە

ناو هاتنه سەر شاشەی تەلەفزیون و تۆبەیان کرد ،پاش ئازاد بوون ئەو رەفتارە نا ئینسانییەی حکوومەتیان لە قاو دا و ڕایانگەیاند کە هەرچی وتوویانە بە زەبری ئەشکەنجە و زەختی رەوانی بووە ، بەڵام حکوومەت بە بێ گوێدان بەو هەموو بێ ئابڕووییە ، وا زەختی خستە سەریان کە ناچاریکردن یا گەر لە ئێران دەمێننەوە ، بێدەنگی بپارێزن و دەس لە چالاکی وتێکۆشان هەڵگرن ، یا ئەوەی وڵات بە جێ هێڵن و ڕێگەی هەندەران بگرنە پێش . سەیر ئەوەیە کە زۆربەی ئەم کەسانەی کە چوونە دەرەوە ، خاوەنی پەروەندە و هێندێکیان خاوەنی حوکمی زیندان بوون. کە بەپێی " یاسا" نابێ ئیجازەی چوونە دەرەوەی وڵاتیان پێ بدرێت . بەڵام وەک دیتمان حکوومەت نەک هەر پێشی پێ نەگرتن بەڵکە بۆ چوونە دەریش ئاسانکاریی بۆ کردن . هۆیەکەشی دیارە ؛ حکوومەت دەیەوێ بە هەرزانترین تاوان ، چالاکانی مەدەنیی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و دەستیان لە کۆمەڵ و کۆمەڵانی خەڵکیش کۆتا بکاتەوە . هەر ئەوەشە کە بە زەخت و زۆر و پەروەندە سازیی و .. وەها هەلومەرجێکیان بۆ پێک دێنی کە ناچار بن وڵات جێ بهێڵن .

ئێستا حکوومەت هەمان سیاسەت لە ئاست چالاکانی کورد دا رەچاو دەکات . وەک دیتمان هێندێکیانی گرت و پاش زیندانی کردن ، کە بێگومان ئەشکەنجە و ئازاری لەشی و رەوانیی لە گەڵ بووە ، بە زەمانەتێکی قورس ئازادی کردن. ژمارەیەکیان هێستا لە زیندان دان و بۆ هێندێکی دیکەش بەردەوام خەریکی پەروەندە سازییە . بۆ نموونە دوکتور تلووعی هەر ئیستا چوار پێنج پەروەندەی ئامادەی هەیە. واتا وایان لێکردووە کە تا زمان هەڵبێنێ ،دەسبەجێ رەوانەی زیندانی دەکەنەوە. بەرێز قەوامی هاوکات دەبێ بۆ سێ پەروەندە ،وەکیل بگرێ و لە خۆی داکۆکی بکات . حاڵی باقی چالاکانی فەرهەنگی- مەدەنی باشتر لەم ئازیزانە نییە .

بێگومان مەبەستی حکوومەت لەم کارانە بێدەنگ کردن یا جێ هێشتنی وڵات لە لایەن ئەم چالاکانەوەیە . چوونکە دەزانێ کە ئەم ئینسانە شەریفانە، کە بەزۆری کاری سیاسی ناکەن و زۆرتر کاری کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی دەکەن ، تا لە نێو دەریای جەماوەر دا بن ، هاندەرن بۆ وشیار بوونەوە و مافخوازی . ئەوەیە کە دەیەوێ ئەم "ماسی"یانە لە "ئاو" دابڕێت . بەو خەیاڵەی کە ئەگەر ئەمانە بێدەنگ بن یا پەرەوازی هەندەران بوون ، دونیا " ئەمن و ئەمان" دەبێ و ئیتر کەس نابێ کە گەلی کورد فێری " بزۆزی" و نافەرمانی بکات . بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران وەک هەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دیکەی دژ بە بەرژەوەندیەکانی جەماوەر، مێشکیان ئەوەندە کار ناکات کە بزانن ، ئەم خۆشەویستانە زادەی کۆمەڵگە و درێژەی رەوتی روو لە پێشی زەمانن . بۆیە دەبێ چاوە رووان بن کە ئەو کۆمەڵگەیە کە ئەوانی بار هێناوە ، دیسان رۆڵەکانی لەو چەشنە لە داوێنی خۆی پەروەردە دەکات. و ئەم رەوەندە تا گەیشتن بە ئازادی ( کە بێگومان مەرگی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێرانیشی لەگەڵە) درێژەی هەیە . بە هیوای ئەو رۆژە

**گەلاڕێزانی 2005**